www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە جەوالی "دیموکراتی ئەمەریکی"دا مافی بڕیاردانی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان زەوتکراوە! ... لە پەراوێزی سەردانەکەی رایس دا بۆ شاری هەولێر ... سامان کەریم

zaryak@yahoo. com

سەردانە چڕوپڕەکەی ئەمجارەی کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی وولاتە یەککرتووەکگانی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە بەگشتی و پاشان سەردانی بۆ عێراق و کوردستان بەتایبەتی گەلێك پەیامی جۆراوجۆری ئەمەریکای بۆ ناوچەکە هێنا. ئەگەرچی پەیامەکان جیاواز بون، بەلام هەموو تەرح و سیاسەت و مانۆرەکان لە کێشەی عەرەب ئیسرائیلەوە بگرە بەهەرسی بەشەکەیەوە فەلەستین و سوریا و لوبنان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەروەها کێشەی سوریا و کێشەی عێراق و کێشەی ئێران وزەی ئەتۆمیەکەی... هەموویان لە شکستی ئیستراتیژییەتی ئەمەریکاوە سەرچاوە دەگرن. ئیستراتیژیەتێك کە 16 ساڵی تەواوە لە دوای ڕوخانی بلۆکی شەرقەوە ئەمەریکا و حکومەتە یەك یەدوای یەکەکانی لەهەوڵی جێبەجێکردنیدان کە "لە دامەزراندنی نیزامی نویی جیهان، بەسەرکردایەتی بیمونافسی ئەمەریکا"دا خۆی دەبینێتەوە. من نامەوێت لێرەدا باسێك بکەم لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی شکستی ئەم ئیستراتیژییە کە بێگومان بۆخۆی باسیکی تایبەت هەلدەگرێت. ئەوەی دەمەوێت ئاماژەیەکی خێرای پێبکەم تەنها ئەوەندەیە کەپێویست بیت بۆ ئەم ووتارە.

ئەم ئیستراتیژییە بەمانایەك دەکرێت بلێین لەعێراقدا شکستی خوارد. واتە عێراق و گۆڕەپانی عێراق ئەو جێگاو جوگرافیا سیاسیە بوو کە ئەمەریکا بڕیار بوو بەهۆی هێرشە وەحشیانەکەیەوە بۆ سەرعێراق و دواتر داگیرکردنی، هەنگاوێکی گەورە یان گەورەترین هەنگاو بنێت لە راستای جێبەجیکردنی ئیستراتیژییەکەیدا. بە ووتەی بۆش " جەنگی عێراق جەنگی سەدەی بیست و یەکە". ئەم وتەیە مانایەکی فراوان و قولی هەیە بۆ جێبەجیکردنی ئۆمیدو ئامانجی سیاسی چینی بورژوازی دەسەلاتداری ئەمەریکا بە سەرکردایەتی باڵی ڕاستی بورژوازی و سوربونی دوا وەخەتە سەر جێبەجێکردنی ئامانجێك کە کاتی بەسەر چووە. هەلومەرجی عێراق لە کەس شاراوە نیە کە بۆتە جیگای تەواوی ڕەوت و هێزو حزب و لایەنە تیرۆریستە ئیسلامی و قەومیەکان و باندو عەیابەکانی تیرۆریزم چ لە ژێر ناوی "مقاومە" وە چ ئەوانەی لە دەسەلاتدان لە بەغدا و بەکورتی ئەلتەرناتیڤی ئەمەریکا لە عێراقدا نەك جێگای خۆی نەگرت و بەسەرکەوتن نەگەیشت بەڵکو لەجیاتی ئەوە بیئۆمێدی تەواوی سەرانی حکومەتەکەی بۆش و کۆنگرێسەکەی و ئەندامانی سەرکردایەتی نێو حزبەکەشی گرتۆتەوە. هەر کۆبونەوەی رایس و پرس و ڕای لەگەڵ وولاتانی مێرو ئوردون و سعودیە و وولاتانی دیکەی کەنداودا، هانا بردنی ئەمەریکا بۆیان، نیشانەیەکی بەرجەستەی شکستی سیاسەتەکانی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لە عێراقدا. وەکو بەرئەنجام ونیشانەکانی ئەم شکستە دەکرێت ئاماژە بۆ تازەترین ڕاگەیاندن و لیکۆلینەوە بکەین. بەپێی دواین لیکۆلینەوە کە لەلایەن دەزگای **Johns Hopkins** **Bloomberg School of Public Health** وە لە 10/10ی ئەمسالدا بلاوبۆتەوە نیشانی دەدات کە لەماوەی 3 ساڵ و نیوی داگیرکاری ئەمەریکادا 655هەزار ئینسان لە عێراقدا گیانیان لەدەستداوە بەهۆی جەنگەوە و لە ڕیگای شەڕی تیرۆریستی و ئۆتۆمۆبیل تەقاندنەوەو خۆتەقاندنەوەو شەڕی تائیفی و تەقەی ئەمەریکیەکان لەخەڵك و هەروەها نەخۆشیەکانی سەرەتان و دڵ و ... بەجیا لەوە بۆ یەکەمجار بەرپرسێکی پایە بەرزی بەریتانیا کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای بەریتانیایا "ریتشارد دانات" لە ڕۆژنامەی "دێیلی مایل"دا لە ڕۆژی 10/13ی ئەمساڵ ڕایگەیاند کە پێوستە لەسەر "بەریتانیەکان بەم زووانە لە عێراق بچنە دەرەوە". لەئاستی ناوچەکەشدا کێشەی عەرەب ئیسرائیل بەهەر سی قۆلەکەیەوە نەك ئۆمێدێك دیار نیە بۆ چارەسەری کێشەکان لەڕوانگەی ئەمەریکاوە بەڵکو گەیشتۆتە

ئاستێکی بن بەست. ئەمە بەجیا لەوەی کە کێشەی لوبنان دەکریت بلێین بەتەواوی دراوەتە دەست ئەوروپای یەکگرتوو. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمەریکا لەبەرانبەر ئیران و کوریادا دەستە وەستانە، ئەوەتا لە بەرانبەر کۆریادا ناچارە پەنا بەریتە بەر چین و روسیا و لەبەرابنەر ئیرانیشدا هیچ بواریکی بۆنەماوەتەوە جگە لە جەنگ کە ئەویش بەپیی هەموو لێکدانەوەکان کارێکی "شێتانەیە"تەنانەت لە ڕوانگەی توێژیك لە ڕاوێژکارانی ئێستای کۆشکی سپیەوە و بەتایبەت ئەمەریکا باش دەزانێت تا ئێستا ئێران تەواوی وەرەقەکانی خۆی ڕانەکێشاوە لەبەرانبەریدا بەتایبەت لە عێراقدا.

*"بەڵی"ی ڕایس بۆ بەزۆر هێشتنەوەی کوردستان بەعێراقەوە!

ڕایس پاش کۆبونەوەی لە گەڵ وولاتە عەرەبیەکان، گەیشتە بەغداو لەوێوە بۆ کوردستان و شاری هەولێر. باسی سەرەکی رایس یان ئەمەریکا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیدا بۆ مەسەلەی نەوت و پرۆسەی ئاشتەوایی نەبوو، تەنانەت باسی **pkk** نەبوو ئەگەرچی ئاماژە بۆ ئەوانە هەمووکران. باس و پۆینت و تەنانەت مۆتیڤی سەردانەکەی ڕایس بۆشاری هەولیر و بینینی بارزانی و سەرکردایەتی یەکێتی، بۆ ئەوەبوو کە ناسیونالیزمی عەرەب وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لە ئاستی ناوچەکەداو وەك دەسەلاتدارو حکومەت لەچەندین وولات و هەروەها ناسیونالیزمی عەرەبی شکست خواردووی عێراق و وولاتانی دیکەی ناوچەکە لە تورکیا و ئیران دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە عێراق یەکپارچە دەمێنیتەوە و لەمبارەوە دواکەیان جێگای ڕەزامەندی ئەمەریکاشە. خۆ ئەگەر ناسیونالیزمی کورد ئیدعایەکی هەبووبێت لە پەیوەند بەوەی کە چەند جاریك وتویانە " ڕیگایەکی تر" دەگرینە بەر، ئیتر لەمەودا واز لەو "هەڕەشە و شمشێر ڕاکێشانە دەهێنن لە پەیوەند بەهەرەشە کردن لەگرتنەبەری رێگایەکی دیکە " کە زۆر جار لە سەرزمانی بارزانی و بۆ دواین جار گەیشتە ئەوەی نێچیرەڤان بارزانیش هەڕەشەیەکی لەم چەشنە بکات لەبەرانبەر بە وەزیری نەوتدا. من دەلێم هەرەشە و باس چونکە ڕۆشنە، دیارە بۆ ئەمەریکاش کە پارتی و یەکێتی هەنگاوی لەوچەشنە نانێن بەبی ئیمزای ئەمەریکا لەهەلومەرجی ئێستادا. لەم هەلومەرجەدا چارەنوسی سیاسی ناسیونالیزمی کورد و تەنانەت فیدرالیەتەکەیان بەستراوەتەوە بە چارەنوسی سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە لە عێراق و ناوچەکەدا. سەرانی ناسیونالیزمی کورد بە ئاشکراو بەشانازییەوە ئەم راستیە دەسەلمێنن. "دیموکراتیەتی ئەمەریکا" لە عێراقدا و لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا زەوتکردنی سادەترین مافی سیاسی خەلکی کوردستانە، کە ئەویش مافی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکە.

بەڵام چارەنوسی سیاسی ئەمەریکا و هەوڵ و تەقەلاکانی بۆ جێبەجیکردنی ئیستراتیژییەتی خۆی شکستی خوارد و ڕیگایەکی ڕۆشنی لەبەردەمدا نیە بۆ ئایندەی عێراق و ئاڵوگۆرە سیاسیەکانی. پرۆژەی "دیموکراتی" ئەمەریکا کە جگە لە پلورالیزمی هیزە بورژوازییەکان هیچی دیکە نەبوو، بە تەواوی شکستی خوارد، باری ئەمنی عێراق ڕۆژ بە رۆژ بە پیی رَاپورتەکانی خۆیان بەرەو هەڵدیری گەورەتر دەڕواتز شەری تائیفی بینەقاقای کۆمەلگای گرتوە. باندو عەیاباتی جۆراوجۆر نەك دەسەلاتیان هەیە بەلکو حوکمرانی دەکەن و لەنیو وەزارەتەکاندا وەزیرو وەکیل وەزیر دەفڕینن. شەری تیرۆریستی لەوپەری خۆیدایە. گەندەڵی لە ئاستێکدایە کە بۆتە بەشێك لەمیتاپۆلیزمی دەسەلات و فەرمانڕەوایانی ئێستای بەغدا. تێکچونی شیرازەی کۆمەلگاو بنەماکانی خزمەتگوزرای گشتی کە لەکاتی ئابلوقەی توندی ئابوری سەر حکومەتی گۆر بەگۆری بەعسدا بەم شێوەیە ناهەموار نەبوە لە نەبونی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی و رریگاو بانی گونجاوو... ئەمەریکا تا ئێستا نەك نەیتوانیوە ئەمنیەت بۆ کۆمەلگا دەستەبەر بکات بەلکو نەیتوانیوە ئەمنیەتی بۆریە نەوتەکان دابین بکات. دەسەلاتی بەغداش خەریکی فڕان فڕانی بەشە نەوت و بەشە بۆری خۆیەتی. لەولاشەوە جمهوری ئیسلامی ئێران بینەقاقای

دەسەلاتداریتی عێراقی گرتوەو لە ڕاستیدا دەسەلاتی ئەوە لەعێراق حوكمرانی دەكات. بەمەش نەخشی هێناوە لە بەرانبەر ئەمەریكادا و هیچی پێناكرێت لەبەرانبەریدا. لەولاشەوە لە لوبنان لە جەنگی ئەم دوایەدا كە جەنگی بەوەكالەتی نیوان ئەمەریكا و ئێران بوو، دیسان مایە پووچ دەرچوو. هەلومەرجی فەلەستین ڕۆشن و بەرچاوە كە ئیسلامی سیاسی و بەپشتیوانی ئیران چۆن پرۆژەی ئەمەریكای پەك خستوە. بەجیا لە چەندین فاكتۆری سەرەكی جیهانی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری ئایدۆلۆجیدا كە لێرەدا بواری باس كردنیمان نیە.
لە هەلومەرجێكی ئاوادا ئەمەریكا هانا بۆ ناسیونالیزمی عەرەب دەهێنێت بۆئەوەی هاوپشتی كۆمەكی بكەن لە چارەسەركردنی هەلومەرجی عێراق و ناوچەكەدا. پالپشتی تەرح و پرۆژەكانی سعودیەو مێر دەكات كە لەسەرەتای داگیركاری عێراقدا نەك هیچ حسابێكی بۆ نەدەكردن و گویی لێنەدەگرتن بەڵكو بە پرۆسەی "دیموكراتیەكردنی" عێراق چاوی لێسوردەكردنەوە. خواستێكی سەرەكی ئەوان واتە ناسیونالیزمی عەرەب و حكومەت و ئەمیرەكانی كەنداو مسۆگەر كردنی مانەوەی عێراقە بە یەكپارچەیی لە هەنگاوی یەكەمدا. ڕاستیەكەی پەیامە رایس هەمان پەیامی ناسیونالیزمی عەرەب و حكومەتەكانی بوو بۆ: یەكەم/ خەڵكی كوردستان، كە واز لە خواستی جیابونەوەی كوردستان بهێنن و چونكە ئەو خواستە لەگەڵ بەژوەندی ئەمەریكادا ناتەبایە، دووەم/ بۆ سەركردایەتی ناسیونالیزمی كورد كە ئیتر واز لەو " هەرەشە و ئیدعایانەش" بهێنن كە تا ئێستا بوویانە لەبەرانبەر هێزەكانی بەغدادا.
بەلام "بەلیی" ڕایس بە یەكپارچەیی عیراق، لەراستدا هەمان بەڵیی سەركردایەتی ناسیونالیزمی كوردە بە یەكپارچەیی عیراق. سەركردایەتی ناسیونالیزمی كورد لە ناسیونالیزمی عەرەب زیاتر سویندی بەم یەكپارچەییە خواردوەو كاری بۆ كردوە. خەلكی كوردستانیان لە ژێر هەرەشەی "برینی موچە" و "دەركردن لەسەركار"دا 3 جار بردە بەردەم ێندوقەكانی دەنگدان. فشارو زۆریان بۆخەلك هێنا بۆئەوەی دەنگ بدەن بە یەكێك لە كۆنەپەرسترین دەستورەكانی دنیا كە روكنێكی سەرەكی تێكهەڵكێشانەوەی كوردستان بوو بەعێراقەوە. ئەوان لەریگای خۆیان لایان نەداوە و ئیدعاو هەرەشەكانیش بۆ ئەمەریكا و بۆ خەلكی كوردستانیش رۆشن بوو كە بۆ پچرینی بەشە دەسەلاتی زیاتر بوە. بەلام ئەم سەردانەی رایس ووتی "ئیتر بەسە" واز لە بەشی زیاتر بهێنن و " نەوت" نەوتی عێراقە نەوتی هەریمەكان نیە و سەرەڕۆیی زیاتر مەكەن. من بەش بەحالی خۆم لە چەند وتارێكدا خەڵكی كوردستان و سەركردایەتی ناسیونالیزمی كوردم ئاگادا كردۆتەوە لە "كورد لەگەمەی ئەمەریكیدا" و داوام لەخەڵك كردوە ناسیونالیزم و حزبەكانی سەربەستن كام ریّگا هەڵدەبژێرین بەلام دەكرێت خەلكی كوردستان یاریزانی ئەم گەمەیە نەبن و خۆیان جیابكەنەوە.
*عێراق و ئالوگۆرە سیاسیەكانی ئایندە!
مەسەلەی دەوڵەت لە عێراقدا تا ئێستا یەكلا نەبۆتەوە. دەستوریك كە بە زۆر خەلكیان برد بۆئەوەی پەنجە مۆری بكات، هەر ڕۆژەو لایەنێكیان برو بیانوی پێدەگرن و بەشێكی لادەبەن و ئیدیكەی دەخەنە سەر بەپیی هێز هاوسەنگی نێوانیان. هێزە پێكهێنەرەكانی ئێستا كە فەرمانڕەوان خۆیان كۆسپی سەرەكین لەبەردەم تەواوی كێشەكانی ئێستای عێراقدا. من لەچەندین جێگادا وتومە و نوسیومە كە ئەم هێزانە ئەهلی پێكهێنانی دەولەت نین. دەوڵەت لەعێراقدا و بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا بەهیزی قەومی و ئیسلامی و تائیفی پێك نایەت. چونكە بناغەی كۆسپەكە یان یەكێك لە سەرەكیترین كۆسپی بەردەم پێکهێنانی دەوڵەت كێشە تائیفی و قەومیەكانی عێراقە. فیدرالیەت نەك چارەسەری ئەم كێشانە ناكات بەڵكو زیاتر بەنزین دەكات بە ئاگرەكەدا و خەلك لەسەرپایەی قەوم و تائیفەی دینی لەیەكتری جیادەكاتەوە و میتاپۆلیزمی پیكهاتەی دەولەتێك لە عێراقدا كە ئینسان تیایدا

هاوولاتی بێت، لەناودەبات. بەم پێیەش کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە، کێنە و دوژمنایەتی لە سەر پایەی قەوم و تائیفە زیاتر پەرە دەستێنێت.
ئەمەریکا بەپێی مەوقعیەتی ئێستای لەئاستی جیهانیدا و کێبەرکیی نیوان زلهێزەکانی دنیا لەسەر ناوچەکانی نفوزو دەسەلات، ناتوانێت بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بیت لەعێراقدا. ئەوە کەلەرەقی بۆش و نزیك بونەوەی وەرزی هەڵبژاردنی ئەمەریکا و گەرانە بەدوای چونە دەرەوەیەکی بێدەنگ و بێهەرا بە ڕوپۆشێکی سپیەوە، وای کردوە تا ئێستا بەم هەموو هێزە فراوان و بەو بودجە گەورەیەوە لەعێراقدا بمێنیتەوە، سەرەڕای هەموو نیسانەکانی شکست. نالێم ئەمەریکا بەتەواوی شان خاڵی دەکاتەوە لەعێراق، ئەمەیان ئیتر بەرەو هەلدیری تەواوی دەبات لەئاستی جیهانیدا. بەلام ناتوانێت بەم توانایەی ئێستایەوە بمنێتەوە، ناتوانێت بەئاشکرا رایبگەینێت کە "شکست" خواردوە. بەکورتی بەحەقە بەشی خۆی رازی دەبێت لە گەڵ باقی وولاتانی زلهێ. ی دنیادا. بانگەوازی ئەمەریکا بۆ دەخاڵەتی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتانی عەرەبی ئاماژەیەکە بۆ هاوبەشکردنی وولاتانی تری زلهیزی دنیا لە چارەسەرکردنی کێشەی عێراقدا...
خەڵکی کوردستان لە عێراقدا لەبەردەم دوو ڕیگدایە بۆ مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا: یەکێکیان/ بەردەوامبونی هەلومەرجی سیاسی ئێستایە. لەوانەیە چەندین ساڵ وەزعی سیاسی و ئەمنی عێراق بەم شێوەیەو بەرەو خراپتر بروات و شەری تائیفی بگاتە ئاست و پلەیەکی بالاتر کە ئیتر ناوچەو سنوری تائیفەکان بەتەواوی لەڕووی کۆمەلایەتیەوە جیابکرێتەوە ئەگەرچی دەستیپێکردوە بەلام هێشتا قولتربونەوەی کێبەرکی و شەری نیوان ئیسلامی سیاسی شیعی و سونني نەگەیشتۆتە ئاستی لیك دابران و سنوردانانی جوگرافیایی و لیکترازانی حکومەت و جیابونەوەی هێزەکان لە یەکتری ئەگەرچی هاوپەیمانی کوتلە سیاسیەکان بەشێوەیەکی عەمەلی و سیاسی هەلوەشاوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە کیبەرکی و شەری قەومی لەئاستی پروپاگەندە دەردەچێت و دەبێتە شەڕی کوردو عەرەب بەتایبەت لەئاستی شارو ناوچە تێکەلاوەکاندا. ئەمە ئایندەی نزیك و دوری عێراقی یەکگرتووی ئێستایە ئەگەر ئەگەرەکانی تر نەیەنە پێشەوە. هۆی مانەوەی ئەم شێوەیە لە یەکگرتوویی ئیرادەو بڕیاری خەڵکی عێراق و کوردستان نیە، بەڵکو فشارو زۆری وولاتانی ناوچەکە و هێزە قەومی و ئیسلامیەکانی عێراق و قازانج و بەرژەوەندی وولاتانی زلهێزی دنیایە و بەتایبەت ئەمەریکا، ئەگینا خواستی زۆربەی زۆری خەلکی کوردستان جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدیرنە. ڕیگایەکی تر کار و پراتێکێکی سیاسی و شورشگێرانەیە کە ئالوگۆر بەسەر ئەم هەلومەرجە کۆمەلایەتی و ئەمنی و سیاسیەدا بهێنیت. کۆمۆنیزم لەم نێوەدا تاکە ڕیگا و ئەلتەرناتیڤە کە بتوانێت عێراقێك بەوجود بهێنیت کە تیایدا ئینسان هاوولاتی بێت و کۆتایی بهێنیت بە ناساندنی ئینسانەکان بەپێی قەوم و تائیفە و دین و عەشیرەت و وە بەمپێیە دەوڵەتیك لە عێراقد بەوجود بێت کە دەورانی پێشووی خۆی تەجاوز کردبێت پاشان بەرەو کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمکارە کاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و هەموو ئەو لایەن و ئینسانانەیە کە باوەریان ئەم قەزیەیە هەیە. من بەش بەحالی خۆم هیچ بەدیلێکی دیکە نابینم کە بتوانێت عێراقێکی یەکگرتوو ئاسودەو بەهرەمەند لە ئەمنیەت و ئارامی بە بە وجود بهێنێت و بیکاتە واقیع، جگە لە کۆمۆنێزی کرێکاریی و حزبەکەی کە ئەویش بەدەوری خۆی پرۆژەی کۆنگرەی ئازادی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەلتەرناتیڤە خستۆتە بەردەم کۆمەلگا و کاری بۆ دەکات.
*خەڵکی کوردستان پێویستە جیاببنەوە!
ئیستراتیژییەت و سیاسەتی ئەمەریکا، هەرچۆنیك بچەرخایە بەسەرکەوتویی یان وەك ئێستا بەشکست هیچ خیر و بەرژەوەندییەکی نەدەبوو بۆ خەڵکی کوردستان. ئەمەریکا بەناونیشانی زلهێزێك بەدوای

بەرژەوەندییە جیهانیەکانی خۆیدا دەگەرێت و ناونیشانەکانی "دیموکرات و مافی مرۆڤ" هەر هەموویان پڕوپاگەندە و مانشێتی سەردوکانێکی بارزگانانی جەنگن. لە عێراقدا مەسەلەی بینای دەوڵەت نەبڕاوەتەوە و تا ئێستا کێبەرکێیەکی سیاسی و عەسکەری توند هەیە لە نێوان هێزە جیاوازەکانی نێو دەسەلاتی بەغدا لە لایەك و خەلکی عێراق و کوردستان لەلایەکی دیکەوە لەسەر مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەوڵەت. حکومەتی ئێستای بەغدا، حکومەتی خەڵکی عێراق نیە "بەمانا و پێناسەی متعارف" بەڵکو یەکگرتووبونی هێزە بورژوازییە ئیسلامی و تائیفی و قەومیەکانە لە پێناو پچرینی بەشە دەسەلاتی زیاتردا. حکومەتێکی رێکەوتنی نێوان ئەم هێزانەیە بۆ بەشکردنی سەرەوەت و سامانی کۆمەلگای عێراق لە نیو خۆیاندا. تەنانەت ئەو حکومەت ئەگەر بێتوو بەفەرزی ئەوەی کە دەگاتە "حاڵەتی نۆرمال"، ـ بۆچی پێویستە خەڵکی کوردستان لە ژێر سایەی دەسەلاتی ئەو کۆنەپەرست و تیرۆریستانەدا ژیان بەسەر بەرێت.

پارتی و یەکێتی سەربەستن خۆیان کام سیاسەتیان هەڵبژاردوە، ئەوان یاریزانی سەرەکی گەمەی ئەمەریکین لە ناوچەکەدا و تا ئێستا بە ئیفتخارەوە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا کار دەکەن و تەنانەت لە ڕەشنوسی دەستوری کوردستانیشدا باسێکیان لە مافی سیاسی خەلکی کوردستان نەکردوە بۆ جیابونەوە لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادەوە. ئەوان ئارەزووی خۆیانە لەگەڵ هێزە کۆنەپەرست و تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی و سوننیدا لەبەغدا پێکەوە لە کابینەی وەزاریدابن.

بەلام خەڵکی کوردستان وەك خۆیان ئارەزومەندن، پێویستیان بەوەیە کە ڕیگایەکی دیکە هەڵببژێرن. ڕیگەی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتێکی مۆدیرن کە تیایدا ئینسان ئەسیری دەستی دین و قەوم و نەبێت. تیایدا ئینسان هاوولاتیەك بێت بەمافی هاولاتیبونی یەکسانەوە. دەوڵەتێك کە تیایدا تەواوی مافە مەدەنی و سیاسی و فەردییەکان مسۆکەر بێت. دەوڵەتێك کە ژن و پیاو تیایدا هەمەلایەنە یەکسان بن. دەوڵەتیك کە کوردستان بکاتە چراخان و کارەبای کوردستان وەك کارەبای وولاتانی ئەورپایی لێبکات و خەڵکەکەشی خۆشگوزەران بن. ئەم ڕیگایە ڕیگای هەموو ئەوکەسانەیە کە بەحەق دەیانەوێت کوردستان جیاببێەوە و خەڵکی کوردستان لەمافەسیاسی و مەدەنییەکانیان بەهرەمەندبن.

ڕیگای گەیشتن بەم ئامانجە، هەمان ڕیگایە کە خەڵکی کوردستان ئێستا گرتویانەتە بەر لە پێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا لە ئاوو کارەبا و سوتەمەنی. هەمان ڕیگایە کە رۆژانە کارمەندان و کرێکاران و مامۆستایان گرتویانەتە بەر لە پێناز زیادبوونی موچە و دەرماڵەدا. هەمان ڕیگای خەبات و تێکۆشان بەلام بەشێوەیەکی ریکخراوتر و سەرتاسەری تر. بەشێوەیەکی یەکگرتووتر و کۆبونەوە بەدەوری ئەلتەناتیڤی جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی و نا قەومی. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی خەباتکاری ئەم ئەلتەرناتیڤەیە.